# هونەرەکانی سەروا
# لە شیعرە عەرووزییەکانی گۆراندا

**م. ی. کاروان ئەحمەد حەمەد**
بەشی کوردی ـ کۆلێژی زمان ـ زانکۆی سەلاحەددین
Karwan.a.hamad@su.edu.krd

**کورتە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەست بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵینەوەیەکە لە بارەی سەروا لە شیعرە عەرووزییەکانی گۆراندا، باسێکی وەسفی شیکارییە و لە هونەرەکانی سەروا لای گۆران دەکۆڵێتەوە لەگەڵ ئامارکردنی جۆرە جیاوازەکانی سەروا، سنووری لێکۆڵینەوەکە تەنها ئەو (٤٢) شیعرە عەرووزییەی گۆرانە کە لەسەر کێشی عەرووزی عەرەبین. مەبەستمانە زیاتر تیشك بخەینە سەر لایەنی سەروایی لەم شیعرانە و هەوڵمان زیاتر بۆ ئەوەیە کە شارەزایی گۆران لە هونەرەکانی سەروا و پابەندبوونی بەسەروای عەرووزی بخەینەڕوو. ئەم لێکۆڵینەوەیە جگە لە پێشەکی و ئەنجام دابەشکراوە بۆ سەر دوو بەشی سەرەکی: بەشی یەکەم تایبەتە بە سەروا و دەنگەکانی سەروا، وەکو: (ڕەوی، پێش ڕەوی پاش ڕەوی، وردەکارییەکانی تری سەروا، هەروەها وشەکانی سەروا و وشەی پێش سەروا و پاش سەروا (ڕەدیف) لە شیعرەکانی شاعیردا، بەشی دووەمیش تایبەتە بە جۆرە جیاوازەکانی سەروا لای گۆران لە وێنەی: (سەروای یەکگرتوو، سەروای مەسنەوی، چوارین، شەشینە، هەشتینە، سۆنێت و تاك)، لەگەڵ ئامار و ڕێژەی بەکارهێنانی هەر یەکێك لەم جۆرانەی سەروا. بە چەند ئەنجامێك کۆتایی بە باسەکە هێنراوە.

وشە سەرەکییەکان:
سەروا ، ڕەوی ، پێش ڕەوی ، پاش سەروا (ڕەدیف) . گۆران.

## بەشی یەکەم

**سەروا:**

سەروا بەشێکی گرینگ و دانەبڕاوە لە مۆسیقای دەرەوەی شیعر، ڕۆڵـی لە خۆشکردنی مۆسیقا و ئاوازی کۆتاییەکان هەیە. مۆسیقای کۆتاییەکان زۆر سەرنج ڕاکێشتر دەکات. سەروا لە ناو شیعردا نرخ و بەهایەکی زۆری هەیە، کێش و سەروا بە هاوبەش و بە هاوشانی یەکتر دادەنرێن لە تەواوکردنی مۆسیقای دەرەوەی شیعر. ((سەروا ترپە و ئاوازی شیعر زیاد دەکات و لەنگەری شەپۆلی دەنگەکانی دێـڕە شیعر ڕادەگرێـت، دەبێ بە زایەڵە و دەنگدانەوەی دەنگە هاوجنسەکانی تری ناو هەمان دێـڕ و دەنگە هاوبەشەکانی دێـڕەکانی تر)) (گەردی، ١٩٩٩، ٣٩) سەروا مۆسیقای شیعر بەهێزتر دەکات و خوێنەر هەست بە بوونی بەرزی سەرواکە دەکات، شوێن و کاتەکەی لە لا ڕوون دەبێت.

سەروا وا لە شاعیر دەکات پابەند بێت بەو دەنگانەی کە لە کۆتایی وشەکانی سەروادا هەن، پابەند بێت پێیانەوە و لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر وەکو خۆی و بەبێ گۆڕان دووبارەیان بکاتەوە. جوانی سەروا بەهۆی ئەوەیە کە نەبرەی مۆسیقای شیعرەکە ڕووەو بەرزی بێت. لە بارەی سەرواوە د. خەزنەدار دەڵێ: ((قافیە مەرجێـکی گرنگ و پێـویستە بۆ شیعری کوردی ئەوەی لە ژێـر دەستماندایە، هیچ یەکێـکی ئەم مەرجەی فەرامۆش نەکردووە، جا ئایا قافیە، هەر لە بنجدا مەرج بووە بۆ شیعری کوردی؟ یا ڕوداوە)) (خەزنەدار، ١٩٦٢، ٥٦) بەپێی ئەم دەربڕینە سەروا مەرجێکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ شیعر و ناتوانرێت فەرامۆشبکرێت و گرنگی پێنەدرێـت. کێـش و سەروا وەکو ئەستووندەکی سەرەکی دەبینرێـن بۆ شیعر، بەشێـوەیەکی گشتی شیعری کلاسیکی کوردی هەمووی سەروای هەیە، لەگەڵ سەرهەڵدان و نووسینی

شیعری کوردی سەروا وەکو بەشێکی سەرەکی شیعر بوونی هەبووە. ((ئەو شیعرە کوردییەی کە لەبەر دەستماندایە هەمووی قافیەی هەیە، وە هیچ شیعری کۆنی کوردی ئەوتۆشمان لە ژێر دەستدا نییە کە قافیەی نەبێت)) (خەزنەدار،١٩٦٢، ٥٧). شیعر بە گشتی پێویستی بە کێش و سەروا هەیە لە بارەی شیعرەوە (قدامە بن جعفر دەڵێ):(شیعر وتەیەکی کێشدار و سەروادارە) (جعفر، ١٩٦٣، ١٥)، بەپێی ئەم بۆچوونە سەروا وەکو پێویستییەکی شیعری وایە، شاعیران ناتوانن فەرامۆشی بکەن، وەکو هونەرێکی گرنگی شیعری سوودیان لێوەرگرتووە. ئیبراهیم ئەنیس بە شێوەیەك باس لە سەروا دەکات و بە یەکێك لە توخمە بنیاتنەرەکانی شیعری دادەنێت و دەڵێت (توخمێکە لە توخمەکانی بینای شیعر، سەروا بەهایەکی مۆسیقییانەیە کە ژمارەیەك دەنگ لە کۆتایی دێڕەکانی شیعردا دووبارە دەبێتەوە، ئەو دووبارە بوونەوەیش بەشێکی گرنگ لە مۆسیقای شیعر دروست دەکات. سەروا وەك نێوەندە مۆسیقییەکانە گوێگر چاوەڕوانی دووبارەبوونەوەیان دەکات و چێژێك وەردەگرێت لەو جۆرە دووبارەبوونەوانەی کە لە پەردەی گوێ دەدەن لە ماوە کاتییە ڕێکوپێکەکاندا) (حبیب اللە، ٢٠١٣، ٨٥)، کەواتە سەروا ڕۆڵی لە ناو شیعردا تەنها ڕازاندنەوە نییە، بەڵکو ڕۆڵی هەیە لە ڕێکخستنی بەشەکانی شیعر لەگەڵ یەکتریدا، ئەوەی کە دەربارەی سەروا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە سەروا نەك تەنیا دووبارە بوونەوەی وشە هاوئاهەنگەکانە لە کۆتایی دێڕ و نیو دێڕەکان، بەڵکو ڕۆڵێکی گرینگتری هەیە و جگە لەوەی کە لایەنی خەیاڵگەری شیعر زیاتر دەکات و فێربوون و تێگەیشتن لە شیعر ئاسان دەکات، بەڵکو دەرخەری یەکبوون و هاوئاهەنگی شیعرە و چەند ڕۆڵێکی دیکەشی هەیە، ئاهەنگ و هاوسەنگی شیعر بەستراوەتەوە بە چەند هۆکارێك کە گرینگترینیان ئەوانەن: (کێش، سەروا، ڕەدیف، ڕەگەزدۆزی، هاوسەنگی ـ تەرصیع، هاوئاهەنگیی پیتەکان)ن. ئەم

هونەرانە هەموویان ڕۆڵیان لە خۆشکردن و بەچێـژکردنی مۆسیقای شیعردا هەیە، بە جۆرێـکیش لە ناویاندا سەروا لە هەمووان زیاتر کاریگەری بەسەر مۆسیقای کۆتایی دێـڕ و نیوە دێڕەکاندا هەیە. لە شیعرەکانی گۆراندا سیستەمی سەروا بە شێـوەیەکی ڕێـکوپێـك پەیڕەو کراوە. سەروا پێگەیەکی یەکجار بەهێزی هەیە لە بنیات و سازدانی مۆسیقای شیعر، بەرهەمهێنان و بەرجەستەکردنی مۆسیقا لە شیعردا بە هۆی کێش و سەرواوەیە. شاعیرانی کورد لە هەموو قۆناغەکاندا زۆر گرنگییان بەسەروا داوە و شیعرەکانیان پێ ڕازاندۆتەوە، گۆرانیش بەهۆی ئەوەی لە تەواوی شیعرەکانیدا گرنگی بەم هونەر داوە، سەروای وەکو هونەرێکی جوانکاری لە شیعرەکانیدا بەکارهێناوە.

سەروا لە شیعردا لەززەت و چێژێك بە گوێی گوێگر دەبەخشێت، پاش چاوەڕوانییەکی کەم لایەنی دەروونی خوێنەریش تاڕادەیەك ئارام دەکاتەوە. گوێگر پێشبینی ئەوە دەکات کەوا سەروا لە کوێ دووبارە دەبێتەوە کاتەکەی ڕێکخراوە و لای خوێنەر ڕوونە، لەم شوێنە هەست بە جۆرە پشوویەکی کورت دەکرێت.

## دەنگەکانی سەروا

### ١ـ ڕەوی:

سەروا لەسەر پیتی ڕەوی دەوەستێت و گرنگییەکی زۆری هەیە. بناغەی هەموو سەروایەك لەسەر پیتی ڕەوی وەستاوە، کە بنەمایەکی سەرەکییە لە شیعردا، کۆتا پیتی سەرەکی ڕەسەنی وشەی سەروایە، ڕەوی هۆکارە بۆ بنیاتنان و دروستکردنی سەروا، ڕەوی (ئەو دەنگەیە کەوا دێـڕەکانی شیعری لەسەر بنیات دەنرێـت) (انیس، ١٩٥٢، ٢٤٥) بە واتایەکی دیکە بنەڕەت و مانەوەی هەموو سەروایەك لەسەر پیتی ڕەوی وەستاوە، کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بە گۆڕینی ڕەوی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر جۆرێك لە لەنگیی سەروا لە

ڕەوی دروست دەبێت، پیتەکانی کۆتایی سەروا دەکرێت لە ناو وشەی سەروا هەبن و دەشکرێت نەبێت. (هۆکاری ئەوەی کە دەگوترێت: سەروا لە بنەچەدا یەك پیتە، ئەوەیە کە سەروا بەبێ ڕەوی ناتوانرێت وێنا بکرێت، واتا پێویستە دوایین پیتی ئەسڵی وشەی سەروا یەکسان بێـت) (نەژاد، ١٣٨٢، ١٥)، بەڵام پیتەکانی دیکەی سەروا لەوانەیە لە وشەی سەروا هەبن و لەوانەشە نەبن، بەڵام مەرجی سەرەکی ئەوەیە کە ڕەوی لە هەموو دێڕەکاندا وەکو یەك بێت گۆڕانکاری بەسەر دانەهاتبێت، چونکە قورسایی سەروا لەسەر ڕەوی دەوەستێت.

پیتەکانی زمانی کوردی بە گشتی دەتوانن ببن بە ڕەوی، واتا لە بزوێن و نەبزوێنەکان، تەنها دوو پیت ناتوانن ببن بە ڕەوی، لە بزوێنەکان تەنها بزوێنی کورت (ە) ناتوانێت ببێت بە ڕەوی هەتا ئەگەر کۆتا پیتی ئەسڵی وشەی سەرواش بێت، لەبەر ئەوەی ناتوانێت لەنگەری سەروا ڕابگرێت، پیتی پێش ئەو دەبێت بە ڕەوی، و بزوێنی کورت (ە) دەکەوێتە خانەی پاش ڕەوی، لە نەبزوێنەکانیش هەموویان دەبن بە ڕەوی تەنها پیتی (هـ) نەبێت کە زۆر بەکەمی دەبێت بە ڕەوی، سروشتی زمانی کوردی وایە ئەم دەنگە زیاتر لە سەرەتادا زۆر چالاکە لە بەکارهێـناندا. لەم بارەیەوە عەزیز گەردی دەڵی: ((ئەمانەی لێ دەرچێ هەموو دەنگەکانی تر، دەنگی ڕەسەنن و ئەو دەنگانەش کە لەگەڵ وشەی عەرەبیدا هاتوونەتە ناو زمانی کوردی بۆ سەروا دەشێـن)) (گەردی، ١٩٩٩، ١١٣)، گۆران لەکۆی ئەو (٤٢) شیعرە عەرووزییەدا، لە پیتە بزوێن و نەبزوێنەکاندا ئەمانەی کردووە بە ڕەوی (ێ، ر، ف، ب، ت، و، ن).

ڕەوی دوو جۆری هەیە:

أ ـ ڕەویی بزوێـن: بزوێـنە درێـژەکان بە گشتی دەبن بە ڕەوی و تەنها خۆیان دەتوانن سەروا لەنگەر بکەن، پێـویستییان بە هیچ دەنگێکی دیکە نییە

بۆ ئەوەی لەنگەری سەروایان بۆ ڕابگرێت.

**دەوروبەری کۆشکی موغان ماڵرابوو ئاوڕشێن کراو**
**دانیشتبوو پیرێکی پاك کۆڕێکی گەرم دابوویە ناو**
**مەی نۆشەکان هەموو جوان لە خزمەتا بەستوو کەمەر**
**گەرچی لە هەوریان ئەسوو بە فەخرەوە نووکی کڵاو**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠ ٤٦٩-٤٧٠)

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروا پێکهاتوونە لە (کراو، ناو، کڵاو، خۆرەتاو، داو، گوڵاو، زراو، پێکاو، هەڵداو، چاو، کراو) ڕەوی بریتییە لە پیتی (و) و پێش ڕەوی (ا)یە.

ب. ڕەویی نەبزوێن: پیتە نەبزوێنەکان ژمارەیان زۆر لە بزوێنەکان زیاترە، هەر لەبەر ئەوەشە شانسی بوون بە ڕەوییان زیاترە، هەر وەکو لە پێشەوە گوتمان جگە لە پیتی (هـ) کە نابێت بە ڕەوی چونکە لەنگەری سەروا ڕاناگرێت، لەبەر ئەوەی سروشتی ئەم پیتە نەبزوێنە وایە لە کۆتاییدا نایەت.

**لە بەختی تاری شەو ناکەم شیکایەت**
**شەبیهە چونکە بەو زوڵفی سیایەت**
**نییە قابیل بڕینی ڕاهی دووری**
**وەکو پرچت کشاوە بێ نیهایەت**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٦٨)

لە شیعری (لە بەختی تار)دا شاعیر ڕەویی شیعرەکەی لەسەر نەبزوێن دامەزراندووە، وشەکانی سەروا پێکهاتووە لە (شیکایەت، سیایەت، نیهایەت، حیکایەت، دیرایەت، ویقایەت، لای لایەت، جینایەت، کیفایەت، سایەت، هیدایەت)، لە هەموو وشەکانی سەروا کۆتا پیت (ت)یە، کەواتە پیتی ڕەوی (ت)ە، و پێش ڕەوی (ە) یە. دەنگی (ت) لە دەنگە زۆر چاڵاکەکانە لە پیتە

نەبزوێنەکان بۆ بوون بە ڕەوی، لە شیعری کلاسیکی کوردیدا. ((٢٥٣) هۆنراوە بەم ڕەوییە هاتووە کە ڕێژەی (٥.٤٪)ی سەرجەم هۆنراوەکانە و بە پلە (٤) دێ لە زۆریدا)) (گەردی، ١٩٩٩، ١١٧). کەواتە لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە پیتی (ت) بەکارهێنانێکی باشی هەیە لە بوون بە ڕەویدا.

**٢ـ پێش ڕەوی :**

وەکو لە ناوەکەیەوە دیارە پیتێکە و دەکەوێتە پێش پیتی ڕەوی، ((ئەگەر ڕەوی بزوێنی درێژ بێ پێویستی بە پێش ڕەوی نابێ)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٢٨)، پێش ڕەوی دوو جۆری هەیە ئەوانیش یەکەم ( تەوجیهـ) کە خۆی لە بزوێنە کورتەکاندا وێنا دەکات  کە (i،ە) یە، هەروەها دووەمیش ڕیدفە کە  پێکهاتووە لە بزوێنە درێژەکانی وەکو (ا، وو، ی، و، ێ، ۆ)، هەروەها پیتە نەبزوێنەکان و وەستاوەکانیش دەتوانن ببن بە ڕیدف.

**قاسید وتی پێم بگرە سەبر خانم ئەوا دێت**
**سا فەرموو سەبربێ بە فیدای خاکی بەری پێت**
**حەسرەتکەشی  ئەو شان و مل و گەردنە ڕووتەم**
**وەختە بمرم بۆ نەفەسی بۆنی توالێت**

**(مەلا کریم، ١٩٨٠، ٣٦)**

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروا پێکهاتووە لە (دێت، پێت، توالێت، ڕێت، ترامپێت، جێت، لێت، لێت) ڕەوی بریتییە لە (ت) پێش ڕەوی پێکهاتووە لە (ێ) کە ڕیدفە. لە هەموو وشەکاندا وەکو خۆی لە پێش ڕەوی دووبارە بۆتەوە.

**٣ـ پاش ڕەوی:**

وەکو لەپێشەوەدا باسمان کرد بزوێنی کورتی (ە) ناتوانێت ڕۆڵی ڕەوی ببینێ، بۆیە گەر بکەوێتە کۆتایی وشەی سەروا، هەروەها بەشێکیش

بێت لە دەنگە ڕەسەن و پێکهێنەرەکانی وشەکە ناتوانێت ببێت بە ڕەوی، بۆیە دەکەوێتە خانەی دوای ڕەوی و دەبێت بە پاش ڕەوی، ئەمە جگە لەو ((دەنگە زیادانەی کە وەکو مۆرفیمی ڕێزمانی بە کۆتایی وشەی سەرواوە دەلکێن، چونکە لە کوردیدا وشەی سەروا، بەشێوەی ڕووت و ڕەسەنی خۆی بە ڕەوی کۆتایی دێت)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٣٩). بەم شێوەیە پاش ڕەوی دەبێت بە دوو جۆری سەرەکی، ئەوانیش پاش ڕەوی ئەسڵی و پاش ڕەوی زیادەیە، لێرەدا هەوڵ دەدەین نموونەی ئەم دوو جۆرە بخەینەڕوو:

**أ - پاش ڕەوی ئەسڵی:**

ئەم جۆرەیان بەشێکە لە پیتە ڕەسەنەکانی وشەی سەروا، بەلام بەهۆی ئەوەی ئەم پیتە بێ هێزە و ناتوانێت ببێ بە ڕەوی و لەنگەری سەروای بۆ ڕاناگیرێت، بۆیە دەکەوێتە خانەی پاش سەرواوە. ((پاش ڕەوی ئەسڵی بریتییە: لە بزوێنی کورتی کۆتایی وشەی سەروا)) (گەردی، ٢٠١٦، ٥٧). ئەم پیتە لەبەر ئەوە ناتوانێت ببێ بە ڕەوی، هەرچەندە بەشێکی سەرەکییە لە وشەی سەروا، ((لەبەر بێ هێزی نابێ بە ڕەوی و نەبزوێنی پێشەوەی دەبێ بە ڕەوی ئیدی ئەو دەکەوێتە خانەی پاش ڕەوییەوە، پاش ڕەوی ئەسڵیە)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٤٠). لەزمانی کوردیدا تەنها بزوێنی کورتی (ە) دەبێت بە پاش ڕەوی ئەسڵی. گۆران لەو (٤٢) پارچە شیعرەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەکارمانهێناوە تەنها (١) شیعری پاش ڕەوی ئەسڵی هەیە.

**هەرچەن بەبەر مەلالی فرەم تەنگە قافیە**
**یەك عومری خەم هەناسەیەکی ساردی کافییە**
**خۆزگەی خەمم بە قەڵبەزی سەرچاوەکەی زەڵم**
**چاو وشکی کرد و ئەو وەکو خۆی تافە تافیە**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٦٤)

لەم هۆنراوەیەدا وشەکانی سەروا پێکهاتوون لە (قافیە، کافیە، تافیە). کۆتا پیتی ئەسڵی وشەی سەروای نیوە دێڕی یەکەم (ە)، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم پیتە نابێت بە ڕەوی پیتی پێش ئەو دەبێت بە ڕەوی ئەمەش پێی دەوترێت پاش ڕەوی ئەسڵی. بەڵام لە نیوە دێڕی دوای ئەو و دێڕەکانی تر (ە) کە ئەسڵی وشەکە نییە زیادەی ڕێزمانییە، تەنها لەم نیوە دێڕە پاش ڕەوی ئەسڵی هەیە لە شیعرە عەرووزییەکان.

**ب ـ پاش ڕەوی زیادە:**

ناوەکەی بەخۆیەوەیە، واتا لە بنەڕەتدا بەشێك نییە لە پیتە پێکهێنەر و ڕەسەنەکانی وشەی سەروا، بەڵکو زیادەی ڕێزمانییە، دەکەوێتە دوای وشەی سەروا و بە وشەکەوە دەلکێت و هەروەها لە ڕوخساری دەرەوەی وشەکەدا دەمێنێتەوە و هیچ گۆڕانکارییەك بەسەر واتای وشەکەدا ناهێنێت ((ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییانە دەگرێتەوە کە بە کۆتایی وشەی سەرواوە دەلکێن و خانەی پاش ڕەوی داگیردەکەن)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٤٠)، ئەم مۆرفیمانە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەنها ئەرکیان هەیە. چەند جۆرێکی هەیە لەوانە یەك مۆرفیمی و دوو مۆرفیمی و سێ مۆرفیمی لێرەدا هەوڵدەدەین لە شیعری گۆراندا نموونەیان بۆ بهێنینەوە و بیانخەینە بەرچاو:

**تاوێ نەگەڕا چەرخی موخالیف بە حیسابم**
**بێ ناڵە نییە یەك ثانییەك تاری ڕووبابم**
**هەر لەحظەیەکی مەهدی هەزار گریە بۆ فسسوس**
**سـاڵانی مناڵیم و هەموو عومـری شـەبابم**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٣٦)

لەم دێڕە شیعرەدا وشەکانی سەروا پێکهاتووە لە (حیسابم، ڕووبابم، شەبابم، کیتابم، عەزابم، خەرابم، سەرابم، جەوابم، شەرابم، ثەوابم) لە هەموو وشەکان

پاش ڕەوی بەكارهێناوە پاش ڕەوی لە جۆری یەك مۆرفیمی ڕێزمانی (م) ی جێناوی لكاوە بۆ كەسی یەكەمی تاكی بەكارهێناوە، پیتێكی ڕەسەنی وشەی سەروا نییە، بۆیە دەكەوێتە دوای دەنگی ڕەوی و دەبێت بە پاش ڕەوی لە جۆری زیادەی یەك مۆرفیمی.

**وشەكانی سەروا**

**١. وشەی سەروا:**

ئەو بەشە گرنگەی سەروایە، كەوا سەروای لەسەر بنیات دەنرێت و لەبەر ئەوەی پیتی ڕەوی تێدایە، بۆیە كاریگەری تەواوی لەسەر مۆسیقای كۆتایی دێڕ و نیوە دێڕەكانی شیعر هەیە، سەروا لەسەر پیتی ڕەوی وەستاوە، و ناكرێت و نابێت ڕەوی لە دێڕێكەوە بۆ دێڕێكی تر بگۆڕدرێت ئەمە ئەگەر سەروای یەكگرتوو لە شیعرەكە پەیڕەو كرابوو، ئەگەر گۆڕان لە ڕەویدا ڕوویدا ئەوا بە لەنگی سەروا دەژمێردرێت. وشەی سەروا (بریتییە: لە كۆمەڵێك دەنگ كەوا لە كۆتایی نیوە دێڕ و دێڕەكانی شیعرێكدا هەیە، وە بە دووبارەكردنەوەیان بەشێكی گرنگی مۆسیقای شیعری پێكدەهێنرێت) (انیس، ١٩٥٢، ٢٤٤)، كەواتە ئەم دووبارەكردنەوەیە هۆكارە بۆ خۆشكردنی مۆسیقای شیعر، زۆربەی كات پیتەكانی وشەی سەروا وەكو یەكن و دەشێ لە ڕووی ژمارەوە یەكسان نەبن، هەروەها لە ڕووی كێشەوە دەكرێت هاوكێش بن، بەڵام زۆربەی كات وشەكانی سەروا هاوكێش و هاو ئاوازن، لەگەڵ ئەمەشدا وشەكانی سەروا ((بەهەمان مانا دووبارە نابێتەوە، ئەگەر بەهەمان مانا دووبارە بێتەوە وشەكانی پێش ئەو دەبن بە وشەی سەروا)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٤٤). ئەگەر بەهەمان مانا دووبارە ببێتەوە ئەو كات دەچێتە خانەی دوای وشەی سەروا و پێی دەگوترێت پاش سەروا (ڕەدیف)، بۆ نموونە:

**ئەی شــەوقی گەلاوێژی بەیان نـووری نیگاهت**
**ئەی عەطری صەبا بۆی نەفەسی زوڵفی سیاهت**

(مەلا کریم، ١٩٨٠، ٦٥)

لەم شیعرەدا وشەکانی سەروا پێکهاتووە لە (نیگاهت، سیاهت، تەباهت، گوناهت، کولاهت، گەواهت، ئیلاهت، پەناهت، ماهت، ئاهت)، وشەکانی پێش سەرواش بریتین لە (نوری، زوڵفی، دووریی، خەشمی، خۆلارە، ئیفاداتی، حەدی، تینی، چیهرەیی، کەڵی).

**٢. پاش سەروا (ڕەدیف):**

پاش سەروا (ڕەدیف) ئەو وشە یان دەستەواژەیە، یان گەورەترە و لە شێوەی ڕستەیەکدایە جاری واش هەیە بەندێکە و لە کۆتایی هەر بەیتێکدا وەکو خۆی بێ هیچ گۆڕانکارییەك دووبارە دەبێتەوە. ((پاش سەروا هاوچەشنییەکی تەواوە لە دووبارەبوونەوەی یەك دانەی ڕێزمانی وەکو (وشە، گرێ، بەند یاخود ڕستە) لە بە دوایەك داهاتنێکی یەکسان، کەوا لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕێزمانی و واتاییەوە هەمان ڕۆڵی یەکسانی هەبێت و لە کۆتایی دێڕ و نیوە دێڕی شیعردا دوابەدوای سەرواوە دێت)) (دەشتی، ٢٠٢١، ١١٩). پاش سەروا خانەی دوای سەروا پڕ دەکاتەوە، بە هەمان مانای خۆی دووبارە دەبێتەوە، بەشێکی گرنگە لە دروستکردن و درێژکردنەوەی مۆسیقای شیعرەکە، پاش سەروا (ڕەدیف)، لە بنەڕەتدا (تایبەتمەندی شیعری ئێرانییە) (کدکنی، ١٣٩٣، ١٢٢). ئەم هونەرە لە ئەدەبیاتی فارسی سەری هەڵداوە و پاشان میللەتانی دیکە سوودیان لێوەرگرتووە، پاش سەروا مۆسیقای شیعر زیاد دەکات و سەروا تەواو دەکات، بوار دەداتە شاعیر لە شیعرەکە بەردەوام بێت و بواری هۆنینەوەی شیعر فراوانتر دەکات، یەکێك لە تایبەتمەندییە باشەکانی پاش سەروا لە شیعردا ئەوەیە کەم و کورییەکانی سەروا و ناشیرینییەکانی

دادەپۆشێت، ئەم هونەرە لە شیعری کوردی پانتاییەکی فراوانی داگیرکردووە، پاش سەروا وەکو پێویستییەکی گرنگی شیعری شاعیر ناچار بە پابەندبوون دەکات، ئەمەش لەبەر ئەوەی شیعرەکە هێشتا ماوە و تەواو نەبووە جا یان لە ڕووی کێشەوە، کێشەکە کەم و کوری تێدایە و بە پاش سەروا پڕکراوەتەوە یان لە ڕووی واتاوە شیعرەکە واتای تەواو نابەخشێت. شاعیران بۆ ئەم مەبەستە پاش سەروا بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی کەم و کورییە واتاییەکان لە شیعرەکانیاندا نەهێڵن، هۆکاری بەکارهێنانی پاش سەروا لە شیعری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ((مەیلی شاعیرانی کورد بۆ بەکارهێنانی کێشی درێژە، ئەو درێژییە ماوە بە شاعیر دەدا پاش سەروا لە کۆتایی دێڕەکان بەکاربێنێ. یەکێ لە جیاوازییەکانی عەرووزی عەرەبی و کوردی ئەوەیە زۆربەی کێشە شەش تەفعیلەکانی عەرەبی لە کوردیدا، جگە لە شەشی، قالبی هەشتیشیان لێ دروست کراوە کە ئەمە لە عەرەبیدا نییە)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٦٤). ئەو شیعرەی کە پاش سەروای هەبێت پێی دەگوترێت (موڕەددەف)، هەروەها دەتوانرێت بە سەروای دووەمیش ناوبنرێت، گۆران لە کۆی (٤٢) ی شیعری عەرووزی تەنها لە یەك پارچەیاندا پابەند بووە بەو هونەرە، ئەویش شیعری (ئەڕۆی ئۆغر)ە کە وەکو هونەرێکی جوانکاری لە شیعرەکەیدا بەکاریهێناوە.

**سوودەکانی ڕەدیف:**

١- کەم و کورییەکانی کێش پڕ دەکاتەوە، شاعیر لەبەر ئەوەی کەم و کوری لە دێڕە شیعرەکەی ڕوونەدات، ناچارە سوود لە پاش سەروا وەردەگرێت بۆ ئەوەی لەنگی لە شیعرەکەی دروست نەبێت.

٢- زۆرجار شیعرەکە لە ڕووی واتاوە تەواو نییە و شاعیر ناچار دەبێت سوود لە ڕەدیف وەربگرێت بۆ تەواوکردنی واتای شیعرەکەی.

٣- کەم و کورییەکانی سەروا دادەپۆشێت و جۆرێك لە جوانکاری بە شیعرەکە دەبەخشێت.

٤- هەروەها سوودێکی تری پاش سەروا ئەوەیە کەوا مۆسیقای کۆتاییەکانی دێڕ و نیوە دێڕەکان بەهێز و زیاتر دەکات.

**کڵاو لار گورجی کەو ڕەفتار نەظەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر**
**لە تیری ئاهی ناکامیم حەزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر**
**بە دووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا**
**تەماشای لالەزاری ڕاگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر**
**لەلای خەڵقی گەدایە گەردی ژێر پێی موڵکی دڵداری**
**بەسـایەت وەك هوما ناچـم لە سـەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٦٣)

گۆران لەم شیعرەیەدا پاش سەروای بەکارهێناوە، کە پێکهاتووە لە (ناکەی ئەڕۆی ئۆغر) (ناکەی) بە تەنها ڕستەیەکە و (ئەڕۆی ئۆغر) گرێیەکە، کەوتوونەتە پاش وشەی سەروا، بەم جۆرە خانەی دوای سەروایان پڕ کردۆتەوە، و بووە بە پاش سەروا، بە جۆرێك کە جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، بەجۆرێکە کە (ناکەی ئەڕۆی ئۆغر) لەم شیعرەدا (١٠) جار دووبارە بووەتەوە لە دێڕی یەکەم و دێڕی کۆتاییدا لە هەردوو نیوە دێڕ دووبارە بۆتەوە کەوا سیمایەکی جوانی بە شیعرەکە بەخشیوە، (ئەڕۆی ئۆغر)یش دوو جار دووبارە بۆتەوە، وشەکانی پێش ئەو بوونەتە وشەی سەروا، ئەوانیش ئەمانەن (نەظەر، حەزەر، ڕاگوزەر، لەسەر، زەبەر، زەرەر، بەشەر، لەبەر، هەدەر) ئەمانە وشەی سەروان پیتی (ر) ڕەوییە و (ە) پێش ڕەوییە. وشەی سەرواکە لەگەڵ پاش سەرواکە بەهەماهەنگی یەکتری جۆرێك لە مۆسیقایان بۆ شیعرەکە بەرهەم هێناوە، خوێنەر دەزانێت لە کوێ وشەی سەروا و پاش سەروا دێت.

**٣. پێش سەروا (حاجب):**

هەر وەکو چۆن پاش سەروا لە شیعردا هەیە، بەهەمان شێوە پێش سەروا (حاجب)یش لە شیعردا هەیە، بەڵام بەو بەربڵاوییەی پاش سەروا نییە. پێش سەروا بەم وشەیە یان دەستەواژەیە یان ڕستەیە دەگوترێت کە لە پێش وشەی سەروا وەکو خۆی و بەهەمان شێوە و مانای خۆی دووبارەبێتەوە. ئەم دیاردەیە گەر لە شیعردا بوونی هەبێ ڕۆڵێکی نایاب دەگێڕێت، لە خۆشکردن و بەهێزکردنی مۆسیقای شیعر، پێش سەروا گەر لە شیعردا هەبێ جۆرێك لە کارلێکی مۆسیقا و ئاوازێکی خۆش و درێژ بەرهەم دەهێنێت. بەگشتی پێش سەروا لە هۆنراوەی کوردیدا زۆر کەم بەکارهاتووە، ((لە هۆنراوەی کوردی بە یەکێتی سەروادا پێش سەروا نەکەوتۆتە بەرچاو)) (گەردی، ١٩٩٩، ٨١٢)، هەروەها بە هەمان شێوە ئەم دیاردەیە لە شیعرەکانی (گۆران) دا بەرچاو نەکەوتووە و نموونەی ئەم جۆرەمان لەم (٤٢) شیعرەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا مەبەستمانە بەردەست نییە، بۆیە خۆمان لەم بابەتە بواردووە.

## بەشی دووەم
## جۆرەكانی سەروا لە شیعری گۆراندا

**١- سەروای یەكگرتوو:**

گۆران لە بەشێك لە شیعرەكانیدا پەیڕەوی سەروای یەكگرتووی كردووە، بەشی زۆری شیعری كلاسیكی كوردی پەیڕەوی ئەم جۆرە سەروایەیان كردووە. ((دیارە مەبەست لە قافیەی یەكگرتوو، ئەو چەشنە سیستەمەی بەكارهێنانی قافیەیە كە لە شیعری كلاسیكیدا بەشێك لە ئاوازی (قەسیدە) و (غەزەل) و( پارچەی) پێ بنیات نراوە)) (عەلی، ٢٠٠٧، ٢١٨). پانتاییەكی فراوانی لە شیعرەكانی (گۆران)یشدا داگیر كردووە، تێكڕای بەكارهێنانی ئەم جۆرەی سەروا لای شاعیر دەگاتە (٢٤%)، و لە زۆری بەكارهێنانیدا پلەی سێیەمی گرتووە، و (١٠) پارچە ئەم جۆرە سەروایەی تێدا پەیڕەو كراوە، ئەم جۆرە سەروایە پشت بە دووبارەبوونەوە دەبەستێت ((ئەم پارچە و غەزەل و قەسیدانە دەگرێتەوە كە هەموو لەتەكانیان یان هەموو دێڕەكانیان لەسەر یەك سەروا بێ)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٠٥). واتا لە هەردوو نیوە دێڕ لە دێڕی یەكەمدا هەمان سەروایان هەیە، بەڵام لە دێڕەكانی دیكەدا نیوە دێڕی یەكەم سەروای جودا دەبێت لەگەڵ سەروای دێڕی یەكەم، بەڵام نیوە دێڕی دواتر سەروای دەچێتەوە سەر سەروای دێڕی یەكەمی شیعرەكە. گەر شیعرەكە دابەشی سەر ژمارە بكەین جگە لە نیوە دێڕی یەكەم و دووەم لە دێڕی یەكەمدا، هەموو ژمارە تاكەكان سەروایان لەگەڵ ژمارە جووتەكان جیاواز دەبێ ژمارە جووتەكان سەروای دێڕی یەكەمیان دەبێ و ژمارە تاكەكانیش جگە لە یەكەم ئەوانی دیكە سەروایان لەگەڵ ژمارە جووتەكان جودا دەبێت.

**لە بەختی تاری شەو ناكەم شكایەت** ................آ
**شەبیهە چونكە بەو زوڵفی سیایەت** ...................آ

**نییە قابیل بڕینی ڕاهی دووری ...................... ب**
**وەکو پرچت کشاوە بێ نیهایەت ...................... آ**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٦٨)

ئەم شیعرە سەروای یەکگرتووی تێدا پەیڕەو کراوە، هەردوو نیوە لە دێڕی یەکەم سەروایان وەکو یەکە، بەڵام لە دێڕەکانی دواتردا، هەر وەکو لە پێشتردا باسمان کرد، نیوە دێڕەکانی سەرەتا سەروایان لەگەڵ دێڕی یەکەم جیاوازە، نیوە دێڕی دووەم هەمان سەروای دێڕی یەکەمیان هەیە، ئەم شیعرە لە (١٠) دێڕ پێکهاتووە وشە سەرواکانی سەروا بریتین لە (شیکایەت، سیایەت، نیهایەت، حیکایەت، دیرایەت، ویقایەت، لایەلایەت، جینایەت، کیفایەت، سایەت، هیدایەت)، ئەم وشانەن کەوا سەروایان لەسەر دامەزراوە و لە چوار دەنگی کۆتاییدا هاوبەشن، سەروای شیعرەکەش بەم شێوەیە: (آ آ، ب آ، پ آ، ت آ، ج آ، چ آ، ح آ، خ آ، ... ) (ت) پیتی ڕەوییە و (ە) پێش ڕەوییە.

**زیاتر لە ڕەوییەك:**

گۆران لە شیعری (خەباتی گەل)دا بە جۆرێك سەروای شیعرەکەی داڕشتووە کە هەتا کۆتایی شیعرەکە پابەند نەبووە بە یەك ڕەوی، شیعرەکەی لە ڕووی ڕەوییەوە دابەشی سەر سێ کۆپلەی (٥) دێڕی کردووە، لە (٥) دێڕی یەکەمی شیعرەکە یەك ڕەوی بەکارهێناوە و پابەند بووە پێوەی، ئەویش ڕەوی (ر) پێش ڕەوی (ا)یە، بەڵام لە دێڕی کۆتاییدا سەرواکەی دەبێت بە مەسنەوی (آ آ ، ب ب، ت ت ).

**لەش گەڵای دار بوو ڕژایە سەر شەقامی پانی شار**
**خوێنی لێ ئەڕژا وەکوو لافاوی بارانی بەهار**
**مێشك و کەللەی زۆر پژابوو سنگ و گەردن تێك شکاو**
**مێشکەکانی پڕ هیوا و سنگەکانی پڕ (شەرار)**

**گەرچی خورپەم دای ئەکرد بارانەکەی کوشتاری گـەل**
**گەل بەڵام وەستابوو مەحکەم چەشنی کێوی (ئیستیوار)**
**ڕیـزی پێشی۔ گرتبـوو پاڵـەی دەس و مشـت ئاسـنین**
**شان بە شانی ئەو ئەچوو ڕەنجبەر لەگەڵ دەستەی هەژار**
**سێبەری سەر گشتی کۆمەڵ باڵی مەرگ بوو باڵی مەرگ ............آ**
**خەڵك بەڵام بێ باك ئەڕۆیشتن بەرەو ڕووی چاڵی مەرگ ............آ**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٤٨١)

لە کۆپلەی دووەمدا سەروای شیعرەکە دووبارە دەبێتەوە دەبێت بە سەروای یەکگرتوو، بەڵام لێرەدا ڕەوی گۆڕاوە بووە بە (ن) و پێش ڕەویش وەکو خۆی ماوەتەوە کە (ا)یە، چوار دێڕی لەسەر ئەم ڕەوییە دامەزراندووە. لە دێڕی پێنجەم دووبارە سەرواکەی دەبێتەوە بە مەسنەوی (ب ب)

**دوایـی مشـتی ئاسـنینی خـەڵك تـانکی تێـك شـکان**
**دەستی هێزی گەل لـە خاکا تۆپـەکانی گشـت خـەوان**
**قـاچی تاوانکـەر لـە پیسـیدا هـەتا بـن دەسـت چـەقی**
**دەسـتی ناپاکـان کشـایە دوا نیشـانەی داوەشـان**
**گیـان سـپێریی گـەل لـە نـاو چـاوانی پاکـا بـوو بەفـەڕ**
**داخـی عـاری نایـە سـەر ناوچـاوی تـاوان پیشـەکان**
**خـۆی خزانـە کـون لـە ترسـانا وەکـو ڕێـوی و دەڵـەك**
**گورگی خوێن خوارێك لە میللەت کەڵبەکانی دەرپەڕان**
**تك تکی خوێنی شـەهیدان بوونە مەشـخەڵ بۆ ظەفەر ............ب**
**لەشـکری پرشنگ شـکستەی هەوری تاری دایە بەر ............ب**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٤٨١-٤٨٢)

لە کۆپلەی سێیەم بە دواوە دووبارە سەروای شیعرەکە دەبێتەوە بە سەروای یەکگرتوو و لە هەمان کاتیشدا ڕەوی گۆڕاوە بووە بە (د) و پێش ڕەوییش گۆڕاوە بووە بە (ر). لە دێڕی کۆتایی شیعرەکەدا جارێکی تریش سەروای شیعرەکە دەبێتەوە بە سەروای مەسنەوی (ت ت).

**یەکیـەتیی گەلمانـە وا زنجـیری جـەوری پـارە کـرد**
**نەعرەتـەی ئینسـانە وا ڕێـویی دزی ئـاوارە کـرد**
**پایەیی کۆشـکی سـتەم لـەق بـوو بـەڵام پێویسـتە ڕەنـج**
**تا بە جارێك سەرنگوون کـەین ئـەو سـەرایە دەسـتوبرد**
**هـەر لـە سـایەی یەکیەتیـدا بـێ گومـان توانسـت ئـەبێ**
**خـەم نـەهێڵین و بڵێـین وا دەردی خۆمـان چـارە کـرد**
**دوشـمنی بـەدکاری ئێمـە پیشـەکەی ناپـاکی یـە**
**صەد شوکر ڕۆژی بەسەرچوو صەد شوکر وا باوکی مرد**
**با ئیتر کـون کون نەکا سـونگی لەشی پیر و جـوان ........ ت**
**با ئیتر خـوێن ڕووی زەویمان لێ نەکاتـە ئەرخـەوان........ ت**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٤٨٢)

ئەم شیعرەی گۆران جۆرێك لە داهێنانی سەروای تێداکراوە بەشێوەیەکە کە بەیەك جۆر و شێوەی سەروا پابەند نەبووە، دوو جۆر سەروای تێکەڵی یەکتری کردووە کە سیستەمی سەروای غەزەل و مەسنەوییە، سەرواکەی بەم شێوەیە دابەشکردووە (٤+١+٤+١+٤+١=١٥)، لە پاش هەر چوار دێڕێك سەروای شیعرەکە بووە بە مەسنەوی لە هەمان کاتدا جۆرێك لە یەکسانی لە نێوان دێڕەکاندا دروست کردووە، هەروەها دەنگەکانی ڕەویش گۆڕانکاری تێدا کراوە لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر گۆڕاوە. ئەم شێوەیەی سەروا تەنها لەم شیعرەدا هەیە. لە ڕووی کێشیشەوە لەسەر کێشی (ڕەمەلی هەشتی مەقسوور)ە

گۆڕانکاری لە کێشی شیعرەکە ڕووی نەداوە، تەنها لە لایەنی ڕەوییەوە گۆڕانکاری ڕوویداوە.

**٢- سەروای مەسنەوی (موزدەوەج):**

ئەو شێوەیەی سەروایە کە هەر دێڕێك سەروای تایبەت بەخۆی هەبێت، ((لەم جۆرە سەروایەدا دوو لەت هاوسەروا دەبن)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٠٤)، واتا شاعیر ناچار نابێت پابەندی سەروا بێت. بە ئازادی سەروای شیعرەکەی دادەڕێژێت، عەلائەددین سەججادی بەم شێوەیە پێناسەی کردووە ((بریتییە لەو پیتانە بە دەنگ یان بێ دەنگ کە ئاوازەکانیان وەکو یەکە و کەوتوونەتە دوای هەردوو نیوە هۆنراوەکەوە. ئەمە لە کاتێکا وایە کە سەرتاپای دەستە هۆنراوەکە دوو تاکی بێ)) (سەججادی، ٢٠١٨، ١١٥). ئەمە جگە لەوەی کە پانتاییەکی فراوانی لە شیعری نوێ داگیرکردووە شاعیران پەیڕەوی ئەم جۆرە سەروایەیان لە شیعرەکانیاندا کردووە، د. خەزنەداریش بەم شێوەیە پێناسەی کردووە ((شیعری جووت قافیە یاخود (مزدوج) ئەو شیعرەیە هەموو دێڕە شیعرێکی قافیەیێکی تایبەتی ئەبێ، واتە هەردوو نیوە دێڕی شیعری بەیت لەسەر یەك قافیە ئەبن)) (خەزنەدار، ١٩٦٢، ٦٣). لە ڕوانگەی ئەم پێناسەیەی خەزنەدارەوە هەموو دێڕەکان سەروایان لەگەڵ یەکتری جیاوازە، گۆران لە هەموو شیعرە عەرووزییەکانیدا تا کۆتایی شیعرەکە پابەندی سەروای مەسنەوی نەبووە. بۆ نموونە لە شیعری (یادی لەنین) پێویستە شیعرەکە (٦) دێڕ بێت کەچی شیعرەکە پێنج دێڕ و نیوە و سەروای شیعرەکەش بەم شێوەیە (آ آ، ب ب، پ پ، ت ت ،ج ج ، چ چ، ح )یە کەواتە پابەندی سەروای مەسنەوی نەبووە. ئەم شێوەیەی سەروا زیاتر بۆ نووسینی شیعری درێژ بەکارهاتووە، وەکو داستانەکانی (مەم و زینی خانی و شیرین و خوسرەوی خانای قوبادی)، کەوا ئەم شێوەیەی سەروایان تێدا پەیڕەو کراوە، ئەم جۆرەی سەروا لە شیعرەکانی گۆراندا پلەی

دووەمی گرتووە بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەکاریهێناوە، لە دیوانەکەیدا (١١) شیعری ئەم جۆرە سەروایەیان تیادا بەکارهاتووە، ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٢٦%)، ئەو شیعرانەش کەوا سەروای مەسنەوی تێدا پەیڕەوکراوە بەگشتی لەسەر کێشێکی سووك هۆنراونەتەوە.

**ئەوا دیسان لە گۆشەی نادیاری** .......................آ
**دڵم هەڵسا زڕەی زەنگی فگاری** ....................آ
**بە ئەسپایی بە بێ هێزی بە عاستەم** .................ب
**هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم** ............ب
**بە ئەسپایی بە لەرزۆکی هەژاری** .....................پ
**ئەناڵێنێ لە شوێنی نادیاری** ..........................پ

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٢٢٦)

لەو شیعرەدا هەموو دێڕەکان سەروای تایبەت بەخۆیان هەیە و وشەکانی سەروا بریتین لە (نادیاری، فگاری، عاستەم، خەم، هەژاری، نادیاری، زڕەی دێ، گوێ، نەوایەك، ئایەك، چی، ئەگری، بێپەی، هەتاکەی، دوورە، شوعوورە، دڵ، مەنزڵ، ماتی، وڵاتی) قاڵبی سەرواکە بەم شێوەیە ( آ آ، ب ب، پ پ، ت ت ،ج ج ، چ چ، ح ح...) سەروای هەموو دێڕەکان لە یەکتری جیاوازن و هەر دێڕێك سەروای تایبەت بەخۆی هەیە.

**٣- چوارین:**

فۆرمێکی شیعرییە لە چوار نیوە دێڕ پێکهاتووە، یان شیعرێکی دوور و درێژە بەسەر چەندین چوارین دابەش بووە، ((کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە، پارچەیەکی تەنیایە و مەبەستێکی تایبەتی دەردەبڕێ (سۆفیزم و دڵداری و فەلسەفە و مەی و مەیخانە و پەند و قسەی نەستەق و دانایی و شتی تر) زۆرجاریش پارچەیەکە لە هۆنراوەیەکی دوور و درێژ کە بەسەر چوارینەدا

دابەش بووە، هەر چوارینەیەکی بیرێکی بچووك دەگەیەنێ. لە چوارچێوەی بیری گشتی و سەرەکی هەموو هۆنراوەکە)) (گەردی، ١٩٩٩، ٢٠٤). ئەم شێوەیەی چوارین لە ئەدەبیاتی فارسی بەگشتی لەسەر کێشی (لاحول ولا قوة الا بالله) دەهۆنرێتەوە، بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا مەرج نییە چوارین لەسەر ئەم کێشە بێت، بەم شێوەیە پێناسە کراوە، (شیعرێکە پێکهاتووە لە چوار نیوە دێڕ کە کۆی چوار نیوە دێڕەکە ئامانج و مەبەستی شاعیر دەگەیەنێت) (ناصری، ١٣٦٧، ٣٢). لە شیعرە عەرووزییەکانی (گۆران)دا. (١٣) شیعریان سەرواکەی لەسەر شێوەی سەروای چوارینە، ڕێژەی بەکارهێنانی لە دیوانەکەیدا دەگاتە (٣١%)، لە ڕووی کێشیشەوە لەسەر چەندین جۆری کێش هۆنراونەتەوە، هیچ یەکێکیان لەسەر کێشی (لاحول ولا قوة الا بالله) نەنووسیوە، کە دەکاتە کێشی (هەزەجی شەشی مەحزوف). گۆران ئەم شیعرانەی لەسەر ئەم کێش و قاڵبە کێشانە داڕشتوون کەوا (٦) شیعری لەسەر کێشی مۆجتەس و قاڵبە کێشەکانی داڕشتووە، (٥) شیعریشی لەسەر کێشی هەزەج و قاڵبەکانیەتی و (١) شیعریشی لەسەر کێشی خەفیفە و (١) شیعریشی لەسەر کێشی موتەقاریبە. لە ڕووی سەرواشەوە بە هەمان شێوە لە پەیڕەوکردنی سەروادا، سەروای جۆراوجۆری لە چوارینەکاندا پەیڕەو کردووە، چەندین جۆری سەروای بەکارهێناوە، تەنها دوو شیعری سەروای چوارینی تەواویان هەیە ئەوانیش شیعری (جوانی لە لادێ، تازە) ن، کە سەرواکەیان بەم شێوەیە (آ آ آ آ، ب ب ب آ، پ پ پ آ، ت ت ت آ...) نیوە دێڕی کۆتایی کۆپلەی یەکەم لە کۆتایی هەموو کۆپلەکان دووبارە بۆتەوە.

أ- سەروای چوارینی تەواو:

**کە شەو هات و پەردەی ڕەشی کەوتە سەر** ............... آ
**جوانیی طەبیعەت کەژ و دەشت و دەر** .................... آ

**هەموو نووست هەموو مرد کش بێ ئەثەر ............... آ**
**سەما تازە جیلوەی ستارەی نەظەر .......................... آ**

**کە گوڵباخ نێرگس زەمەق یاسەمەن ...................... ب**
**هەموو نوقمی بەحری تەمی ئەم شەوەن ................. ب**
**هیلاکی گروشمەن وەنەوزێك ئەدەن .................... ب**
**سەما تازە جیلوەی ستارەی نەظەر.......................... آ**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ١٨٠)

شیعرەکانی دیکە سەرواکەیان جۆراوجۆرە، ئەم شێوانەیان هەیە (آ آ آ آ، آ ب آ ب، ، پ ت پ ت، آ ب ب آ، ....) سەرواکان لەسەر شێوەی سەروای تێکەڵی چواریندا هاتوون:

ب- سەروای چوارینی تێکەڵ:

**ژنێکی شۆخ لە چاوی بەڵەك بە مەئیووسی ..................آ**
**خلی ئەکردەوە هۆن هۆن دڵۆپی مرواری .......................آ**
**بە ئاو ئەبوو دڵی بەردین لە ئاھ و ئەفسووسی .................آ**
**بە ئاوی ساردی پەتی نا بە مایعی ناری .........................آ**

**وتم فیدایی جەمالت بم ئەی پەری شێوە ..................ب**
**ئەوا توایەوە هەستم بە سۆزشی گریەت ....................پ**
**چییە کە هەیکەلی مەڕمەڕ غوباری وا پێوە ................ب**
**قەمەر شکات و سکاڵا ئەکا لە هەوری خەفەت ..........پ**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ١٩)

ئەم شیعرە لە شەش كۆپلە پێكهاتووە، سەروای چوارینەن بەم شێوەیەیە دابەشبوون (آ آ آ آ، ب پ ب پ ، ، ت پ ت پ ، ج چ ج چ، ح خ ح خ، دد رر) بەمەش پابەندی سەروای چوارینی تەواو نەبووە.

**٤- سەروای تاك:**

تاك دێڕ؛ تاكە دێڕێكە مانا و مەبەستی شاعیر بە تەواوی دەگەیەنێت. لە ڕووی كێشیشەوە وەكو هەموو شیعرێكی دیكە ئەویش كێشی خۆی هەیە، بەم شێوەیە پێناسە كراوە ((تاك یان (فەرد) بریتییە لە دێڕە شیعرێك ( لە نیوە دێڕی یەكەم و نیوە دێڕی دووەم ) پێكهاتووە. ئەم بابەتە شیعرە بۆ قسەیێكی نەستەق یا پەندێكی پێشینان یا بیرێكی فەلسەفی یا وێنەیێكی جوان بۆ ژن و دڵداری و وەسفی سروشت دادەنرێت)) (خەزنەدار،٢٠١٠، ٧٩). گۆران (٢) تاكی هەیە لە ڕووی كێشەوە هەر (٢) تاك كێشی عەرووزیان هەیە، ((لە ڕووی ماناوە پەیوەندی بە هیچ شتی ترەوە نییە. لە بارەی كێشی تاكیشەوە دەشێ بەهەر كێشێك بێ و لە ڕووی سەرواوە دەشێ وەكو مەسنەوی لەتەكان هاوسەروا بن و دەشێ كۆتاییان وەكو یەك نەبێ)) (گەردی ،١٩٩٩، ١٩٤). ئەو تاكانەی كە گۆران نووسیونی هەردووكیان سەروایان (آب) یە ڕێژەی بەكارهێنانی ئەم سەروایە لای گۆران دەگاتە (٥%) بە بەراورد لەگەڵ جۆرەكانی تر ڕێژەی بەكارهێنانی زۆر كەمە.

**لە تاوی فیرقەتی یارم دڵم دائیم پەرێشانە ............................ آ**

**وەكو مەجنوونی حەی وێڵی كەژ و دەشت و بیابانم ............. ب**

(مەلا كەریم، ١٩٨٠، ٥٤١)

**٥- شەشینە:**

شیعرێكە لە شەش نیوە دێڕە شیعر پێكهاتووە، دابەشی سەر سێ دێڕە شیعر دەبێت. لە ڕووی سەرواوە سیستەمی سەروای تایبەت بە خۆی هەیە، ((شەشینە

پارچەیەکی شەش لەتییە، چ سەربەخۆ مانایەکی تەواو بدات چ پارچەیەك بێ لە هۆنراوەیەکی پارچەدار کە بە زۆر کێش و سیستەمی سەروای جیاواز دروست دەبێ)) (گەردی، ١٩٩٩، ٢٢٥). باوترین قالبی سەروای شەشینە لە ئەدەبی کوردی ئەوەیە کە چوار نیوە دێڕی یەکەم لەسەر یەك سەروا بن، دوو نیوە دێڕی کۆتاییش لەسەر شێوەی سەروای مەسنەوی بن، بەم شێوەیە (آ آ آ آ ب ب)، بەڵام ئەم قالبی سەروای شەشینەیە لای (گۆران) شێوەیەکی جیاوازی هەیە، تەنها یەك شیعری لەسەر شێوەی شەشینە نووسیوە. ڕێژەی بەکارهێنانی (٥%)، (گۆران) لەبەرکاهێنانی ئەم هونەرەدا زۆر چالاك نەبووە، ئەم هونەری شیعریە لە ئەدەبیاتی ڕۆژئاواوە پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات. لە سەردەمی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی ئەم شێوازی شیعر نووسینە پەرە دەسەنێت ((لە بیستەکانی ئەم سەدەیە بە دواوە وەریانگرتووە و لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا بەکاریانهێناوە و سەروای شیعرەکانیان پێ دەوڵەمەند کردووە)) (ئەحمەد، ٢٠٠٩، ١١٢) (گۆران)یش لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا ڕۆڵ و کاریگەری خۆی هەبووە، بە یەکێك لە شاعیرە ڕابەر و نوێگەرەکانی ئەدەبی کوردی دادەنرێت. لەگەڵ نەوەی شاعیرانی وەکو (شێخ نوری شێخ صالح، دیلان، هێمن ....) هەژمار دەکرێت.

شاعیر وەکو شاعیرانی سەردەمی خۆی هەوڵی داوە سوود لە زۆرترین جۆری کێش و سەروا و ئەو بابەتانەی کە هۆکارن لە جوانکردن و ڕازاندنەوەی شیعر ببینێت و شیعرەکانی پێ بڕازێنێتەوە.

**مەدەنییەت گوڵی بەهاری حەیات** ................ آ
**مەدەنییەت هەوایی نەشئو نوما** ..................... ب
**مەدەنییەت وەسیلەیی ئیحیا** ......................... ب
**بۆ هەموو میللەت و عومومی وڵات** ............... آ

**مەدەنییەت ئەلکتریك قەمەر ..................... پ**
**ئەی ضیابەخشی حاڵی نەوعی بەشەر ............. آ**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٧١)

لەم پارچە شەشینەیە شاعیر هاتووە ئەم قالبەی سەروای بەکارهێناوە سیستەمی دابەشبوونی ئەم قالبە بەم شێوەیە (آ ب ب آ پ پ، ت ج ج ت چ چ، ح خ خ ح دد) ئەم شێوازەی سەروا لە هەر کۆپلەیەك پێکهاتووە لە چوارینەیەکی پیترارکی کە سەرواکەی بەم شێوەیە (آ ب ب آ، ت پ پ ت، ج چ چ ج، ح خ خ ح) لە کۆتایی هەموو شەشینەکان دێڕێکی لەسەر شێوەی مەسنەوی داناوە.

هەروەها شیعری (جیلوەی شانۆ)ش لەسەر سەروای شەشینەیە، شیعرەکە لەبنەڕەتدا لەسەر شێوەی موستەزادە، بەڵام بەشێوەیێکە داهێنانی تێدا کردووە، لە موستەزاددا سەرەتا لەتە درێژەکان دێن دواتر لەتە کورتەکان دێن کەچی لەم شیعرەدا پێچەوانە بۆتەوە و لەتە کورتەکان پێش لەتە درێژەکان کەوتوون.

**٦- سۆنێت:**

سۆنێت لە بنەڕەتدا بە مانای کورتیلە شیعر یان کورتیلە گۆرانی یاخود کورتیلە شیعری گۆرانی دێت. هونەرێکی شیعر نووسینی ئەوروپییە، لەبنەڕەتدا بەو شێوە شیعرانە دەگوترێت کە بۆ گۆرانی نووسراون و شیعرێکی کورتە، ((سۆنێتە هونەرێکی شیعری ئەوروپییە ژمارەی لەتەکانی دیارە و بابەت و کێش و سەروای تایبەتی خۆی هەیە. لە ڕووی دابەشبوونی ناوەڕۆك و سەرواوە جۆری جیاجیای هەیە)) (گەردی، ١٩٩٩، ٢٩٤) بە گشتی ئەم شێوەی نووسینی شیعرە بۆ بابەتێکی کورت و مەبەستدار بەکاردەهێنرێت. بە زۆری سۆنێت لە (١٤) دێڕە شیعر پێکدێت، دەکرێت کەمێك کورت بێت یان کەمێك

درێژتربێت، سۆنێت چەندین جۆر و شێوەی قاڵبی سەروای هەیە گرینگترینیان ئەمانەن:

١ سۆنێتەی پیترارکی: ((لە هەشتینەیەك (octave)ی(ABBA ABBA) و شەشینەیەك (sestet) ی ( CDE CDE یان CDC CDC) یان هەر جۆرێکی تر تەنیا مەسنەوی نەبێ) پێکدێت.

٢ سۆنێتەی سپێنسەری : لە سێ چوارینە و مەسنەوییەك پێکدێت و سەرواکەی بەم جۆرەیە: (ABAB CDCD EFEF GG)) (باڵەکی، ٢٠٠٥، ١٤٦).

٣ سۆنێتەی شەکسپیری: ئەمەش هەر لە سێ چوارینە و مەسنەوییەك پێکدێت، بەڵام سەرواکەی بەم جۆرەیە (ABBA CDCD FEF GG)) (گەردی، ١٩٩٩، ٢٩٤). سۆنێت بە لقێکی شیعری لیریکی و گۆرانی دادەنرێت. سۆنێت باری دەروونی یان هەست و بیری کەسێك دەردەبڕێت و لەگەڵ دوا دێڕ سۆنێتەکە دەگاتە ئەنجام و کۆتاییەکەی نیشاندەدات. چەندین گرنگی هەیە لەوانەش شاعیر کۆت و بەند ناکات، بەڵکو ئازادی دەکات، ئازادی و کورتبڕی بە شاعیران دەبەخشێت، هەروەها باشترین فۆڕمی شیعرییە کە شاعیر بتوانێت هەست و سۆزی هەڵچووی خۆی پێدەربڕێت، خوێنەریش بە زووترین کات و بە کورتی لە بابەتەکان تێدەگات . لەبارەی سۆنێتەوە لە ئەدەبی کوردیدا عەزیز گەردی دەڵێ: ((ئەوەی بە هەموو مانای سۆنێتە، سۆنێت بێ یەك نموونەی گۆرانمان هەیە)) (گەردی، ١٩٩٩، ٢٩٦). تەنها ئەو شیعرە لە ڕووی دابەشبوونی سەرواوە لەسەر شێوەی سەروای سۆنێتەی تەواوە ئەویش شیعری (ئاوێنەی هەستیم)ە، ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایە لەلای گۆران دەگاتە (٧%) بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری سەروا ڕێژەی بەکارهێنانی کەمترە:

**هەر زەڕڕەیەك لە خوێنی دەماری پڕ ئاگرم ........................... A**
**هەرچی حوجەیرەکانی هەیە کوورەیی دڵم ........................... B**
**مەشبووعی عیشق و جەذبەیە بۆ جوانی باقڵم ........................ B**
**قابیل نییە فەراغەتم حەتتا کە بیشمرم ................................... A**
**نەمدی دەمێ لە وەختی تەفەککور وە مەشغەلەم ................... C**
**لێی تێك نەدا خەیاڵی حوسنی ڕابیطە قەرار .......................... D**
**بیرم نەچوو لە گەرمە خەوا ذیکر و فیکری یار ....................... D**
**هەر عیشقی بێ بڕانەوە بوو عومری کورت و کەم ................. C**
**هەرچەن بتی جوانی بەعەکسی پەرستشم ............................ E**
**هەر دوورە لێم لە هەیکەلی حوزن و قەلەندەریم .................. F**
**هەر سڵ ئەکات و بێ بەشی ناز و نەوازشم .......................... E**
**لاکین چ باك ڕاستییەکەی چ دەسەڵات ............................... G**
**مایە و مەداری تەسلیەتی عەشقی مەعنەویم ......................... F**
**بووکی خەیاڵی شۆخمە سەرگەرهی ئیلتیفات ......................... G**

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ٢٢٥)

ئەم تێکستە تاکە شیعرە لە ئەدەبی کوردیدا سیمای سۆنێتەی تەواوی پێوە دیار بێت و دابەش بووە بەسەر (١٤) لەت، لە هەشتینەیەك پێکهاتووە کە بەسەر دوو چوارینددا دابەش بووە و سەرواکەیان بەم شێوەیە (ABBA، CDDC)، هەروەها لەگەڵ سێینەیەك کەوا سەرواکەیان لە نیوە دێڕی ناوەڕاست یەکدەگرێتەوە بەم شێوەیە (EFE، GFG)، بە سەروای لەتی (F) بەیەکەوە گرێ دراون.

هەروەها دوو شیعری دیکەی گۆران سەرواکەیان لەسەر شێوەی سەروای سۆنێتەیە، بەڵام سۆنێتەی تەواو نین. سۆنێتە سیستەمێکی تایبەت بە خۆی هەیە ئەویش ئەوەیە کە پێویستە لە (١٤) لەت پێکهاتبێت کەچی ئەم دوو شیعرە زۆر

لە (١٤) لەت زیاترن بەمەش لە سۆنێت لایانداوە. ئەوەی کە هەیە لە (١٤) لەتی یەکەم شێوەی سۆنێتەیان وەرگرتووە ئەوانیش شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا و شەوێکی بەهار)ە، کە لە (١٤) لەت زیاترن. لە سەرەتادا (١٤) لەتی یەکەم سیماکەیان لە شیعری سۆنێت دەچێت، وەك لە پارچەکانی (دەروێش عەبدوڵڵا)، کە لە (٢٦) لەت پێکهاتووە و شیعری (شەوێکی بەهار) کە لە (٣٠) لەت پێکهاتووە، دابەشبوونەکەشیان لەسەر شێوەی شیعری (ئاوێنەی هەستیم) نییە.

**٧- هەشتینە:**

پارچە شیعرێکە پێکهاتووە لە هەشت نیوە دێڕ، دەشێت سەربەخۆ بێت و دەشێت بەشێك بێت لە شیعرێکی درێژ، ئەم فۆرمە شیعرییە دەکرێت سەرواکەی بە چەند شێوەیەك بێت دەکرێت هەر هەشت لەت لەسەر یەك جۆرە سەروا بێت، بەم شێوەیە (آ آ آ آ آ آ آ آ) یان حەوت نیوە دێڕی یەکەم لەسەر یەك سەوران بن نیوە دێری هەشتەم سەروای لەوانەی تر جیاواز بێت، بەم شێوەیە (آ آ آ آ آ آ آ ب)، دەکرێت شەش نیوە دێڕی یەکەم یەك سەروایان هەبێت، دوو نیوە دێڕی کۆتاییش یەك سەروایان هەبێت بەم شێوەیە (آ آ آ آ آ آب ب)، دەکرێت هەشتینەکە لەسەر بنەمای سەروای مەسنەوی ڕۆنرابێت، واتا هەر دوو نیوە دێڕێك یەك سەروایان هەبێت، بەم شێوەیە (آ آ ب ب پ پ ت ت)یە بێت، گۆران لە شیعری (ئاواتی دووری)دا ئەم جۆرە سەروایەی بەکارهێناوە، سەرواکەی لەسەر شێوەی هەشتینە بنیاتناوە، هەر دوو نیوە دێڕێك یەك سەروایان هەیە واتا لەسەر شێوەی مەسنەوییە، سەرواکەی بەم شێوەیەیە (آ آ، ب ب، پ پ ، ت ت). ڕێژەی بەکارهێنانی ئەم جۆرە سەروایەش دەکاتە (٢%). لەناو جۆرەکانی سەروا لە شیعرە عەرووزییەکاندا کەمترین بەکارهێنانی هەیە بە بەراورد لە جۆرەکانی تری سەروا.

ئەی چاو چەشنی بازی قەفەس هەڵوەری پەڕت ......... آ
کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت .................. آ
کوانێ دوو چاوی مەست کوانێ ............................. ب
کوانێ برۆی پەیوەست کوانێ ................................. ب
کوانێ زوڵفی ڕەش .............................................. پ
کوڵمی ئاڵ و گەش ............................................. پ
کوا هەیکەلی جەمال ........................................... ت
کوا حوسنی بێ میثال .......................................... ت

(مەلا کەریم، ١٩٨٠، ١٣)

ئەم شیعرە لە پێنج پارچەی هەشتینە پێکهاتووە و شاعیر ((جۆرە هونەر و وەستاییەکی تایبەتی تێدا خەرج کردووە، کێشی عەرووز و خۆماڵی تێکەڵ کردووە و لەتی کورت و درێژی بە حسێکی ورد خستۆتە ناو یەك)) (گەردی، ١٩٩٩، ١٣)، وەك دەبینین گۆران سەرباری ئەوەی کە لە نوێکردنەوەی کێشی شیعریدا ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە نوێکردنی سەرواش بەهەمان شێوە شوێن پەنجەی دیارە و تازەگەری تێدا کردووە. بەرەو پێشی بردووە.



لەم هێڵکارییە ئەوە ڕوون دەبێتەوە؛ کە گۆران زۆر گرینگی بە هونەرەکانی سەروا داوە، وەکو لە خشتەکە دیارە، لە کۆی ئەو (٤٢) شیعرە عەرووزییەدا، چەندین جۆری سەروای بەکارهێناوە، (١٣) شیعری لەسەر شێوەی سەروای چوارینەیە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٣١%)، و پلەی یەکەمی هەیە، (١١) شیعری لەسەر سەروای مەسنەوییە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٢٦%)، و بە پلەی دووەم دێت، (١٠) شیعریشی لەسەر سەروای یەکگرتووە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٢٤%) پلەی سێیەمی گرتووە، (٣) شیعریشی لەسەر سەروای سۆنێتەیە، ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٧%) پلەی چوارەمی هەیە، هەروەها (٢) شیعری لەسەر سەروای شەشینە هەیە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٥%) و، بە هەمان شێوە لەسەر سەروای تاکیشدا (٢) شیعری هەیە، ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٥%)، سەروای شەشینە و تاك پلەی پێنجەمیان گرتووە، لەسەر شێوەی سەروای هەشتینەش یەك شیعری نووسیوە ڕێژەی بەکارهێنانی دەگاتە (٢%) لە پلەی کۆتایی دێت.

**ئەنجامەکان:**

١- گۆران لە تەواوی شیعرە کلاسیکییەکانیدا بە تەواوی و (١٠٠%) پابەندی سەروا و ڕەوی نەبووە، لە هەندێك لە شیعرەکان ڕەوی لە دێڕێکەوە بۆ دێڕێکی تر گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە.

٢- یەکێك لە تایبەتمەندییە هەرە گرنگەکانی شیعری کلاسیکی گرنگیدانە بە پاش سەروا (ڕەدیف) کەچی گۆران بە پێچەوانەوە زۆر گرنگی بەم هونەرە نەداوە، و تەنها لە یەك شیعریدا پاش سەروای بەکارهێناوە.

٣- لەم (٤٢) پارچە شیعرە عەرووزییەی شاعیردا، ئەو پیتانە بوون بە ڕەوی (ێ، ر، ف، ب، ت، و، ن)، کەوا سەروای پارچەکانیان لەسەر دامەزراوە.

٤- گۆران لە سەروای مەسنەویدا شیعرەکانی بە شێوەیەکی گشتی جووت سەروان، کەچی تا کۆتایی بەم هونەرەوە پابەند نەبووە، لە سەروای ئەم جۆرە شیعرانە پێویستە سەروای دێڕەکان جووت بێ کەچی شیعری هەیە دێڕی کۆتایی تاکە، کەواتە لەم جۆرەی سەرواش لایداوە.

٥- گۆران دوو جۆر سەروای تێکەڵ بەیەکتری کردووە، ئەوانیش سەروای یەکگرتوو و سەروای مەسنەوییە، کە ئەمەشیان جۆرێکە لە داهێنان، بەڵام تەنها لە یەك پارچە شیعریدا ئەم جۆرە سەروایە هەیە.

## لیستی سەرچاوەکان:


١- ئەحمەد، پەخشان علی (٢٠٠٩)، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

٢- أنيس، ابراهيم (١٩٧٢)، موسيقى الشعر، ط٤، دار القلم، بيروت، لبنان.

٣- حبيب الله، جمال (٢٠١٣)، دەروازەی شیعر ناسین، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

٤- خەزنەدار، معروف (١٩٦٢)، کێش و قافیە، چاپخانەی الوفاء، بەغدا.

٥- خەزنەدار، معروف (٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی سێیەم، دەزگای ئاراس، هەولێر.

٦- دەشتی، عوسمان (٢٠٢١)، سالمی ساحێبقڕان باس و لێکۆڵینەوە، ڕۆژهەڵات، هەولێر.

٧- باڵەکی، یادگار رسول (٢٠٠٥)، سیماکانی تازەکردنەوەی شیعری کوردی ١٨٩٨-١٩٣٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

٨- سەجادی، عەلائەددین (١٣٩٦)، نرخ شناسی، انتشارات کوردستان، سنندج، ئێران.

٩- کدکنی، محمد رضا شفیعی (١٣٩٩)، موسیقی شعر، نەشری ئاگەه ، چاپ بیستم، تهران، ایران.

١٠- گەردی، عزیز عەبدوڵڵا (١٩٩٩)، سەروا، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر.

١١- گەردی، عزیز عەبدوڵڵا (٢٠١٦)، فەرهەنگی کێشناسی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

١٢- گەردی، عزیز عەبدوڵڵا (١٩٩٩)، سەرواسازی لە شیعرەکانی جزیریدا، گۆڤارا زانکۆیا دهۆك، هژمارا تایبەت (٦)، بەرگی (٢).

١٣-عەلی، دڵشاد (٢٠٠٧)، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
١٤-مەلا عبدالكريم، محمد (١٩٨٠)، مەلا کەریمی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.
١٥-مصطفی، کەمال (١٩٦٣)، قدامة بن جعفر، نقد الشعر، مطبعة السعادة، اللقاهرة، مصر.
١٦-ناصری، سید حسن سادات ١٣٦٧، فنون و صنایع ادبی (انواع شعر، صنایع لفظی و معنوی)، چاپ ار، شفق، تهران، ایران.
١٧-نەژاد، کامل أحمد (١٣٨٢)، فنون ادبی (عروض، قافیه، بیان، بدیع)، انتشارات پایا، تهران، ایران.

## الملخص

## (فنون القافية في الاشعار العروضية عند گۆران)

هذا البحثُ بصُورةٍ عامّة - دراسةٌ عنِ فنون القافيةِ في قسم من أشعار (گوران). وهو وصفٌ تحليليٌّ لفنون القوافي. مع جردٍ إحصائيّ لأنواع القوافي المختلِفة. يبلغ حدود بحثنا (٤٢) شعراً عَروضيّاً منظوماً على الأوزانِ العربيّة. والغرض في هذا البحث؛ هو تسليطُ الضّوء على فنون القافية وحدَها في هذِه الأشعار من غير الإشارة إلى الجوانِب العَروضيّة الأُخرى. وقد حاولنا جهدنا أن نعرضَ بصورة دقيقة مدى تمكّن (گوران) في فنونِ القافية وكذلك التزامِه بها. قُسّم البحث إلى مبحثين رئيسين، فقد خصّصنا المبحث الأوّل لدراسة القافية وأصواتِها؛ مثل: الرّوي، والحرف الّذي يسبق الرّوي، والحرف الّذي يلحق الرّوي، مع بيانِ دقائقَ أُخرى للقافية، بالإضافة إلى ذكر مصطلحاتِ الرّوي والحرُوف الّتي تقعُ قبلَ القافية وبعدَها (الرّدف) في قصائد الشّاعِر. وقد خُصّ المبحثُ الثّاني ببيان أضرُب الرّوي المختلفة عند الشّاعِر (گوران)؛ مثل: الرّوي الموحّد، الرّوي المثنوي، الرّباعيّات، السّداسيات، المثمن، السُّونيتات، المفرد، مع جردٍ إحصائيّ بيّنا فيه نسبة استعمال كُلّ ضَرْبٍ من هذه الأضرُب. وقد تُوّج البحثُ بخاتمةٍ ذُكر فيها أهمّ النتائجِ الّتي توصّل إليها الباحِث.



الكلمات الدالة:

القافية ، الرّوي ، الحرف الّذي يسبق الروي ، الرّدف ، گوران.

**Abstract:**

**(Rhyming Arts in Prosody Poetry at Goran)**

The present paper generally deals with rhyme in Goran's poems. It is an analytical descriptive work attempts to examine and present the rhyme devices and techniques used by Goran as well as statistically presenting the different types of rhyme used in his poems. The scope of the work only covers the (42) prosodic poems of Goran written in the Arabic Prosody Rhythm. The work aims at highlighting the rhyme side of the selected (prosodic) poems, while defocusing the whole prosodic side of them. It also aims at showing Groan's craftsmanship and artistry in using the rhyme devices and techniques, and his commitment to rhyme. The study, along with its introduction and conclusion, is divided into two main sections: the first section addresses rhyme and the sounds of rhyme like nucleus, onset and coda, and the other details of rhyme, as well as the rhyming word, the pre-rhyming word and the post-rhyming word. The second section is dedicated to the different types of rhyme used by Goran, like Unified Rhyme, Mathnawi Rhyme, Quatrain Rhyme, Sestina Rhyme, Octave Rhyme and Stanza. Then, the statistics and percentages of each of these types of rhyme are presented. The study ends with some conclusions drawn.

**Keywords**: Rhyme, Nucleus, Onset, Coda and Goran